# بەندی (٥) لە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ

## هیچ مرۆڤێك ئەشكەنجە و سزا نادرێت و ڕەفتاری توند و تیژ و دڕندانەو ئابڕوو بەری لەگەڵدا ناكرێت

# با خۆپیشاندان لە چوارچیوەی یاسادا بیٚت



پاریزەر :
ئاراز جەلال برادۆستی

خۆپیشاندان وەک هەر دیاردەیەک لەهەموو جیهاندا وا پیناسە دەکریت,کەوا بریتیە لە دەربرینی هەلویستیکی نارەزایانەو رەخنە گرانەیە لەو هەلسووکەوت و کەمووکوریانەی کە هەن و بەدی دەکرێن,وە خۆپیشاندان لە بنچینەدا دوو لآیەنی هەیە یاخود بلێن دوو مەبەستی هەیە یەکێیان خۆپیشاندان دژی دەسەلآتە بە مەبەستی گۆرینی سیستەمی حوکمرانیەکە,کەوا لایەنی ئۆپۆزسیۆنی حوکمرانیەکە هەلدەستێ بەئەنجامدانی خۆپیشاندانەکەو وە پشتگیری کردنی لە لآیەن دەولەتە نەیارەکانی حوکمرانەکان بە مەبەستی گۆرینی سیستەمی دەسەلآتە, وە مەبەستی دووەمی خۆپیشاندان لآیەنێکی ئاشتیانەیە کەوا داواکردن و چارەسەرکردنی گشت ئەو گیروگرفتانەیە کەوا کۆمەلگەو وولاتەکە دووچاری تەنگەژێیەک بۆتەوە و دەینالێنن بە دەستیەوە, ئەمەش یان لە کەم تەرخەمی لآیەنی پەیوەندی دارە یان بەهۆی سروشتیەوە بوە لایەنی پەیوەندیدار دەستیان نیە لە نانەوەی ئەم ئاریشەیەداو کە هەیەو ئەم خۆپیشاندانەی لێکەوتۆتەوە ,خۆپیشاندان دەگۆرێت بە گۆرانی سیستەمی حوکمرانی لە وولاتەکاندا لە جیهان, دەولەت هەیە زۆر بە شێوەیەکی شارستانیانەو سەردەمیانە مامەلە لەگەل خۆپیشاندان دەکات وە یاسای گونجاو لەگەل پرەنسیبەکانی مافی مرۆڤ بگونجێ دادەنێت بۆ ڕێکخستنی پەیرەو پرۆگرامەکانی خۆپیشاندان, لە هەمان کاتدا دەولەت هەیە زۆر بەبێ بایەخی و گوێنەدان بە راوبۆچوونەکانی هاوولاتی دژی خۆپیشاندەر دەوەستێ وە بەتوندترین شێوەی درندانە بەرپەرچیان دەداتەوە, بەگێرە شێوێنی و دەست لە پشتەوەی هەندێک لە لایەنەکان تۆمەتباریان دەکەن وە دووجاری زیندان و ئەشکەنجەدان و رەشەگیری دەبنەوە, لە ئەنجامدا کێشەکانیشیان هەر بە هەلپەساوی دەمێنێتەوەو جارەسەرناکرێت کە هاوولاتیە خۆپیشاندەرەکان داوایان دەکرد, دەرئەنجام رق و کینەیەکی زۆر کەلەکە دەبێت لە دەرونی هەر تاکێک لە خۆپیشاندەرەکان و هاوبیر لەگەل خۆپیشاندەرەکان, دەرئەنجامێکی نێگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە وەک دووبارە بونەوەی هەر خۆپیشاندانێکی تر زۆر بە حەماسەوە هاوولاتیە ئەشکەنجە دراوەکان بەشداری دەکەنەوە لە خۆپیشاندانەکەدا,هەر بۆیە جاروایە روی خۆپیشاندانەکە دەگۆرێ لە داواکردنی چارەسەرکردنی گیروگرفت و تەنگەژەکە دەگۆرێت بۆ هێرش کردنە سەر دام و دەزگاکانی حکومەت و مەدەنیەت رێرەوی خۆپیشاندان دەگۆرێت بە ئاراستەیەکی تر, کەواتە خۆپیشاندان قودسیەتی خۆی لە دەست دەدات ناو نابرێت بە خۆپیشاندان بەلکو وەک شۆرەشێک یان کودەتایەک دژ بە حکومەتەکە ناودەبرێت ,بۆنمونە ئەگەربێتوو باس لە دەستوورو یاساکانی عێراقی فیدرال و یان هەرێمی کوردستان بکەین , وەک دەبینین لە دەستووری عێراقی فیدرال لە ماددەی٣٨ لە برگەی٢دا دەلێ[ئازادیی کۆبوونەوو خۆپێشاندانی ئاشتیانە بە یاسا رێک دەخرێت] کەواتە ئەمە ئەوە دەردەخات کە رێگە دەدرێت بە رادەربرین و خۆپێشاندانی هاوولاتیان بۆ مەرامە ئاشتی خوازەکانیان بە تەنها,هەر وەک لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووەلە ماددەی ٦٠دەلێ[حکومەتی هەرێم ئازادی بلاوکردنەوەو چاپ و رۆژنامەگەری و مافی کۆبونەوەوخۆپیشاندان ومانگرتنی ئاشتییانە دەستەبەر دەکات,ئەمەش بە یاسا رێک دەخرێت] بۆیە لە دەستووری عێراقی فیدرال و دەستووری هەرێمی کوردستان بۆمان بەدیار دەکەوێت کەوا دەبێ بگەرێینەوە بۆ یاسا ئەویش یاسایی وەزارەتی ناوەخۆیە(وزارە داخلیە),کەوا یاسایەکی تایبەت هەیە بە رێکخستنی خۆپیشاندان بۆ ئەوەی ئەمن و ئاسایشی هاوولاتیە خۆپیشاندەرەکان بەرقەراربکات,وە لە هەمان کاتدا ئەم یاسایە بۆپاراستنی بەرژەوەندی هاوولاتیە خۆپیشاندەرەکەیە, بۆیە ئەگەر هەر جیهەتێک یان هەرلایەنک یان هەر کۆمەلە خەلکێک یان هەر رێکخراوێک بیەوێ خۆپیشاندا نێکی هێمنانە ئەنجام بدات پێشەکی دەبێ مۆلەت لەوەزارەتی ناوەخۆ وەرگرێت ئەگەر رێگەیان پێدا ئەوا ئەنجام دەدرێت ئەگەر رێگەیان پێنەدا ئەوە نابێت خۆپیشاندان ئەنجام بدرێ چونکە لەوانەیە ئەوتەنگەژەیەی یان ئەو کێشەیی کە خۆپیشاندانی بۆ ئەنجام دەدەن زیان بە بەرژەوەندی گەل بگەینێت بۆیە مۆلەتیان پێنادرێت لە لا یەن وەزارەتی ناوەخۆوە , هەر بۆیە هەندێک جار بەبێ مۆلەتی وەزارەتی تاوەخۆ خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن ,دەر ئەنجام گرژی و ئالۆزی رووەدات لە نێوان خۆپیشاندەرەکان و کارمەندانی وەزارەتی ناوەخۆ,بۆیە رووی خۆپیشاندان دەگۆرێت بە ئاراستە یەکی تر ,بە لام ئەوەی بە دی دەکرێت لە سەر جەم خۆپیشاندانەکانی هەموو جیهاندا بە دەگمەن خۆپیشاندان هەیە تووشی گرژی و ئالۆزی نەبێتەوە لە کاتی ئەنجامدانیدا,کوردستانی خۆشمان بەشێکە لەو جیهانە بۆیە بە دەگمەن دوور دەبێ لەو گرژی و ئالۆزیە ,بەلام دەبێت هاوولاتیانی خۆمان بگەنە ئەو ئاستەی بیرکردنەوە کەوا سەردەمی توندوتیژی بەسەرچووە ئێستا سەردەمی دایەلۆگ و گفتو گۆ و لەیەک گەیشتنە نەک سەردەمی توندوتیژی بۆ هەر کارێکمان بێت.

## لەدادگای ئەنفالدا
## بەدیع عارفی پارێزەری بەرگریکار لەدادگا کرایەدەرەوەو بەندکرا

رۆژی ٣/١٥ دانیشتنی ٤٩ هەمین لە دادگاییکردنی ژمارەیەک لە کاربەدەستانی رژێمی سەدامی دیکتاتۆر دەستی پێکرد.

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا پارێزەر بەدیع عارف داوای لە دادگا کرد کە شایەتی هەندێک شایەتحاڵ وەربگرێت کە لە سوریادا نیشتەجێن، هەروەها دەستەی بەرگریکار رایگەیاند کە کۆمەڵێک CD ی لەبەردەستایە دەیسەلمێنێ کە ئێران لە هەڵەبجەی داوە بە چەکی کیمیایی.



لەلا یەن خۆشیەوە دادوەر دەستەی بەرگریکاری تۆمەتبارکرد بەهێرشکردنە سەر دادگاو و وتی بەشێوەیەکی زۆر ناشرین وەسفی دادگایان کردووە، دوابەدوای ئەمە مشتومڕ لەنێوان دادوەر و پارێزەر بەدیع عارف دا روویدا و لە ئەنجامدا دادوەر بەدیع عارفی پارێزەری کردە دەرەوە و بەندی کرد.

دادوەر محەمەد عرێبی ئەلخەلیفە وتی: دادگا بڕیاری داوە کە لێپێچینەوەی یاسایی بەرامبەر پارێزەر بەدیع عارف عیزەت بکات و بەندی بکات بەپێی ماددەی ٢٣٠ لە یاسای سزادانی عیراقی و رەوانەکردنی بە دەستبەسەری بۆ دادگای ناوەند بۆ جێبەجێکردنی لێپێچینەوەی یاسایی بەرامبەری، هەروەها دادگا بڕیاری دا سەبارەت بەو هەڵسوکەوتە لەگەڵ سەندیکای پارێزەراندا گفتوگۆ بکات، تا هەستن بە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵیدا، چونکە لە هەڵسوکەوتی پیشەیی تایبەت بە پارێزەران دەرچووە



## تەواوكار

# ئیفتیخار

**بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەلآت ,لێژنەیەکی دادوەری دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە گەڵ(ئیفتیخار محمد جودری —گەورەی دادوەرانی باکستانی ) شایانی باسە ئەم دادگاییکردنە تەنها ٣ رۆژ دووای ئەو بڕیاری (پەروێز مشرف —سەرۆکی وەزیرانی پاکستان )هات بە لەکارلادانی (ئیفتیخار محمد جودری —گەورەی دادوەرانی باکستانی ) وپارێزەرانی پاکستانی دژی ئەم بڕیارە وەستانەوەو مانیانگرت لە بینینی هیچ دادگاییەک لەسەرتاپای پاکستان .**

**لە سایتی (BBC) دا هاتووە کە ناوەندەکانی دادوەری لە پاکستان باوەڕیان وایە کە : بریاری لە کارلادانەکە هۆکارەکەی دەگەرشێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دادوەرە زۆر کیشەی دادوەری بینیوە کە جیگەی رەزامەندی حکومەت نەبووە وهەمیشە هەڵوێستی توندی نوووواندووە لەسەر هەڵس و کەوتە نایاساییەکانی حکومەت و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ .**

**یەکێک بووە لەو کەسایەتیانەی داوای ئاشکراکردنی جارەنووسی خەڵکێکی زۆری بێ سەرو شوێنی کردووە کە ئاسایشی پاکستاني لێپرسراوە لەم کردارەدا .**

**لە سەروبەندی بڕیارەکەی حکومەت بۆ دەست لە کارکێشانەوە ی و دەست بەسەرکردنی و تۆمەتبارکردنی ئەو سووربوو لەسەر بیرو باوەری خۆی و ئەم ووتانەش بەلگەن لەسەر هەلس و کەوتی ئەم دادوەرە لە جوارجێوەی یاسای وولاتەکەی خۆی :**

**١-ئەم بڕیارەی پەروێز مشرف بۆ لە کارلادانم دژی دەستوورە و تەنانەت ئەنجومەنی دەدوەریش ناتوانێ من لە کارەکەم لابدات .**

**٢- لە ژێر هیچ پاڵە پەستۆیەک دەست لە کار ناکێشمەوە .**

## تەواوكار دەستەی باڵای یەکێتی مافپەروەران لە کۆنگرەی (کوردستان و مافی مرۆڤ)

لە دەسپێکی ساڵی تازەشدا وەك بەردەوامی دان بە بەرنامەرێژی وەزارەت لە رۆژانی ١٦-١٧/ی مانگی نیسان (کۆنفرانسی جیهانی کوردستانی) لەمەر مافی مرۆڤ سازکرا کە پسپۆرانی ولآتانی نەرویج و کەنەدا و ئەلمانیا و عەرەبی و عێراقی و کوردستانی شاندێکی دەستەی باڵای یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان کە پێک هاتبوون لەم بەرێزانە ( زانا جەلال ، شۆرش محمد ، فەرهاد حاتەم ،کەمال رەزا ،چێنەر علی جۆڵا)تیایدا بەشدار بوون و زیاتر لێکۆڵینەوە باس و گفتوگۆکانیش لەسەر رەوشی مافی مرۆڤی کوردستانی بوو...

دیارە ئەم کۆنفرانسە جیهانیەش بەشێك بوو لە سەلماندن و بەرەو نەمانی پێشێلکاری و بنیاتنانی کوردستانێکی مەدەنی و کارکردنی کادیرانی کورد لەم بوارەدا تا ئەم هەرێمە سیمایەکی گەشتر و دوور لە پێشێلکاری بەخۆوە ببینێ و ببێتە نموونەیەکی زیندووی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەناوچەکەدا.

## تەواوكار راستی یە شاراوەكان و (منقذ آل فرعون)

**هزر** : بۆ نایانهێشت صدام شەهادەکەی تەواو بکات؟

**آل فرعون** : ئەو کەسەی کە گێری دەرگای ژێر پێکەی صدام ی لەدەست بوو داوای لەصدام کرد شەهادە بهێنێ بەلآم کەصدام شهادەی یەکەمی تەواو کرد دوەم جارداوای شەهادەی لێ کرد کە نیوەی شهادەکەی ووت گێرەکەی راکێشاو خنکاندی،من هەر ئەوکاتە زۆر لێی تورە بووم و هاوارم کرد بۆ ناتهێشت تەواوی بکات وتی بەزەیم پێی هات ، چونکە صدام چاوەرێی دەکرد شهادەکەی تەواو بێت دەخنکێندرێت بۆیە نەمهێشت ئەو عەزابە ببینێ و پێم وایە هەستی بەخۆی نەکرد و مرد.

**هزر** : ووشەیەک هەیە کە صدام زۆر دووبارەی دەکردەوە ئەویش ووشەی (عفیة)یە . دواجار کەی وبە کێی ووت؟

**آل فرعون** : بەڵێ دواجار ئەم ووشەیەی درکاند لە کات و شوێنی جێبەجێکردنی لە سێدارەدانەکەی بوو، ئەویش بەمنی ووت، کاتێک ئەو قورئانەی لای بوو دای بە من و ووتی بیدە بە بەندەری کوری (عواد البندر) منیش ووتم ئاخر ئەمە ئەمانەتە ئەگەر نەمتوانی بیدەم بە بەندەر؟ ووتی هەرکەسێک لە خێزانەکەم ، منیش وتم ئەمانەتەو گەیشت وتی (عفیة).

**هزر** : ئایە راستە صدام لەگۆرەکەی دەرهێنراو فرێدراوەتە بەردەمی سەگان؟

**آل فرعون** : منیش بیستم .

**هزر** : سوپاس بۆ داواکاری گشتی لە دادگای تاوانی باڵای عێراقی بەرێز ( منقذ تکلیف بندر آل فرعون الفتلاوی) کە ئەو هەلەی بۆ رەخساندین و ببورە ماندومان کردیت .

**آل فرعون** : بەپێچەوانەوە من زۆر خۆشحاڵ بووم لەگەڵتان دانیشتم و سەرکەوتن بۆ هەفتەنامەکە و گۆڤارەکەتان دەخوازم.